## ئەگەر بڕیارێکی کۆتایی لە حکومەتی شانشینی یەکگرتوو وەرنەگرم، چ ڕوو دەدات؟

- بە گوێرەی بارودۆخەکان، ڕەنگە ئاراستەی ئاژانسی جێبەجێکردنی گونجاوی یاسا - هێزی پۆلیسی پەیوەندیدار یان وەزارەتی ناوخۆ بکرێیت.
- ئەگەر هاووڵاتییەکی بەریتانی یان یەکێتی ئەوروپا نیت، و هیچ بارودۆخێکی تر نیە کە مافی ژیان لە شانشینی یەکگرتووت بداتێ، پشتیوانیی گەڕانەوەی خۆبەخشانەبۆ وڵاتەکەی خۆتت پێشکەش دەکرێت.

## ئەگەر ئێستا پشتیوانیەکە ڕەت بکەمەوە بەڵام دواتر بڕیار بدەم کە پشتیوانیەکە یان زانیاریی زیاترم بوێت، چ ڕوو دەدات؟

دەتوانیت خۆت بگەڕێیتەوە بۆ **بیکن** لە ڕێگەی ژمارە 03000115555 (بژاردەی 3) ماڵپەڕەکەیان (www.hertfordshirebeacon.org) زانیاریی بەسسودی دەربارەی مامەڵەکردن لەگەڵ کاریگەریەکانی چەوسانەوە و تێگەیشتن لە پرۆسەی دادوەریی تاوان تێدایە. هەروەها وردەکاریی ئاژانسە ناوخۆییەکانی تری تێدایە لە Hertfordshire کە ڕەنگە بتوانێت هەندێک پشتیوانی سۆزداری و کردارییانەت پێشکەش بکات.

دەتوانی لە ڕێگەی ژمارە تەلەفۆنی 08000121700 پەیوەندی بە **هێڵی یارمەتیی نیشتیمانیی کۆیلایەتیی** نوێ بکەی کە بە شێوەیەکی 24 کاتژمێری ڕاوێژکاریی خێرا بە زیاتر لە 200 زمان پێشکەش دەکات. ئەم هێڵی یارمەتییە بە شێوەیەکی خێرخوازی، نەبینراو، و سەربەخۆ، و تایبەتمەند و نهێنی بەڕێوە دەبردرێت. وەک بیکن (Beacon)، دەتوانیت بە بێ پەیوەندی کردن بە پۆلیس یان حکومەتی شانشینی یەکگرتوو یارمەتی لە هێڵی یارمەتی وەربگریت.

**سووپای رزگارکردن** پرۆگرامێکی پشتیوانیی پسپۆڕانە بۆ پاراستن و چاودەێریی گشت قوربانییە پێشکەش دەکات. هێڵی ئاڕاستەکردنی نهێنیان 03003038151 لە ماوەی 24 کاتژمێر لە ڕۆژدا و حەوت ڕۆژی هەفتە بەردەستە. بۆ دەستگەیشتن بە پشتیوانییەکەیان ، پێویستە ڕازی بیت بچیتە ناو میکانیزمی ئاڕاستەکردنی نیشتیمانی لە کاتی ئاڕاستەکردن.

بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی قۆرخکردن و سەرچاوەی دیکە، تکایە راوێژ بە ماڵپەڕی کۆیلایەتی مۆدێرنی هاوبەشیی هێرتفۆردشیپ (Hertfordshire Modern Slavery Partnershi) بکە لە ڕێگەی: www.stopexploitationherts.org.uk/victims-and-families/ victims-and-families.aspx

05/2019-01



**INSTRUCTION TO PROFESSIONALS & NGOs: Please ensure that the individual presenting can read and has the mental capacity to give informed consent to the National Referral Mechanism (NRM). Refer to the victim referral pathways for further information. This flyer should only be taken home by the individual presenting if they are residing in a safe location. If not, you are potentially putting them at risk.**

HERTFORDSHIRE
Modern Slavery Partnership

## لە شانشینی یەکگرتوو پشتیوانی بۆ ئەو گەورەساڵانەی کە چەوسێندراوەنەوە لەبەردەستە: نامیلکەی پشتیوانیی NRM

# ئایا کەسێک دەتوانێت یارمەتیم بدات؟



ئەگەر بزانرێت کە لە شانشینی یەکگرتوو چەوسێندراوییەوە ، مافی وەرگرتنی یارمەتیی سەربەخۆ، سۆزداری، پزیشکی و کردارییت لە حکومەتی شانشینی یەکگرتوو دەبێت. دەکرێت ئەم پشتیوانیە بە چەندین شێوازی جیاواز دابین بکرێت، وەک:

- دۆزینەوەی شوێنی مانەوەی کاتیی سەلامەت بۆ تۆ.
- یارمەتیدانت لە بواری چارەسەریی پزیشکی
- دابینکردنی کەسێک بۆ یارمەتیدانت لە زاڵبوون بەسەر ئەزموونەکەت.
- دابینکردنی وەرگێڕێک بۆ ئەوەی یارمەتیت بدات
- بە زمانی ئینگلیزی پەیوەندی بگری.
- پاراستنی پۆلیس، ئەگەر ڕاپۆرتی دۆخی چەوساندنەوەکەتیان بۆ باس بکەی.
- ڕاوێژکاریی یاسایی سەربەخۆ.
- دەرماڵەی ژیان.

GOV.UK

## سیستەمی پشتیوانیی فەرمیی حکومەتی شانشینی یەکگرتوو: میکانیزمی ئاڕاستەکردنی نیشتیمانی

حکومەتی شانشینی یەکگرتوو (UK) سیستەمێکی دروست کردووە کە پێی دەوترێت **میکانیزمی ئاڕاستەکردنی نیشتیمانی** (National Referral Mechanism)، کە ڕێگە بە پێشکەشکردنی پشتیوانی لە لایەن دەوڵەتەوە دەدات.

لە ڕێگەی ڕەزامەندیت لەوەی کە لە لایەن ئەم سیستمەوە ئاڕاستە بکرێیت، کەیسەکەت لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت، و ئەگەر زانرا کە چەوسێندراوییەوە، ئەوە لە لایەن حکومەتی شانشینی یەکگرتووەوە یارمەتیت پێشکەش دەکرێت.و دەپارێزرێ.

## 1. ئایا پێویستە حکومەتی شانشینی یەکگرتوو یان پۆلیس ئاگادار بکەمەوە ئەگەر بمەوێت بارودۆخی چەوسانەوەی ئێستام بەجێبهێڵم؟

نەخێر، پێویست ناکات. ئەگەر ناتەوێت حکومەتی شانشینی یەکگرتوو یان پۆلیس تێوە بگلێنیت، ئەوە هێردفۆرشیر خزمەتگوزاریی پشتیوانیی خۆجێیی هەیە، کە پێی دەوترێت بیکن (Beacon) و لە حکومەت و پۆلیس جیاوازە. دەتوانیت یارمەتی لە بیکن وەربگریت و پێویست ناکات کار لەگەڵ پۆلیس یان حکومەتی شانشینی یەکگرتوو بکەیت. هەروەها زانیارییەکانت بە نهێنی دەپارێزرێن.

### چ جۆرە پشتیوانییەک لە بیکن وەردەگرم؟

### بەڕێوەبەرێکی کەیسی ڕاهێنراوی پسپۆڕت بۆ تەرخان دەکرێت کە:

- لە ماوەی چاک بوونەوەتدا لە ڕێگەی پلانی بەکەسیکراوی پشتیوانییەوە پشتگیریت دەکات.
- هاوشێوەی داکۆکیکارەکەت ڕەفتار دەکات.
- ئاڕاستەکردنی تۆ بۆ لای ئەو هاوبەشانەی کە توانستی پسپۆڕانەیان هەیە کە دەتوانن باشتر پشتیوانیت بکەن (ئەگەر ڕەزامەندیت هەبێت).

### دەکرێت پشتیوانیەکە ئەمانە بگرێتەوە:



- پشتیوانی سۆزداری و کرداریانە.
- داکۆکی.
- دەستگەیشتن بە دادوەری و پتەوکردنی ئامانج (بیکن ڕوونکردنەوەی زیاتر دەربارەی ئەم پشتیوانیە پێشکەش دەکات).
- پشتیوانییەکە ئاسایشی تاکەکەسیت دابین دەکات.

**ئەگەر ڕەزامەندیت لە سەر پشتگیریکردن لە لایەن بیکنەوە نیە ، تکایە ئاگاداربە کە خزمەتگوزارییەکە هەمیشە بۆ تۆ کراوەیە و خۆت دەتوانی لە ڕێگەی ماڵپەڕەکەیان (www.hertfordshirebeacon.org) بۆی بگەڕێیتەوە.**

## 2. ئەگەر بڕیار بدەم قسە لەگەڵ پۆلیس بکەم، چ ڕوو دەدات؟

- هێردفۆرشیر(Hertfordshire) یەکەیەکی پۆلیسی پسپۆڕی هەیە کە تەنیا کار لە سەر چەوسانەوەی خەڵکی ناوچەکە دەکا.
- ئەوان ئەزموونی باشیان لە بواری کارکردن لەگەڵ کەسانی وەک تۆدا هەیە.
- ئەوان دەربارەی ئەوەی چی ڕووی داوە قسەت لەگەڵ دەکەن.
- لە بەرامبەری گشت ئەو کەسانەی کە ڕەنگە ئازارت بدەن، پاراستنت پێشکەش دەکرێت.
- ئەوان لێکۆڵینەوەیەک دەست پێ دەکەن.
- دەربارەی بەرەوپێشچوونی لێکۆڵینەوەکە ئاگادار دەکرێیتەوە.

## 3. چ ڕوو دەدات ئەگەر بڕیار بدەم لە ڕێگەی میکانیزمی ئاڕاستەکردنی نیشتیمانییەوە حکومەتی شانشینی یەکگرتوو ئاگادار بکەمەوە ؟

لە ماوەی 5 ڕۆژی کارکردن لە دوای وەرگرتنی ئاڕاستەکردنەکەدا حکومەت بڕیار دەدات کە ئایا هۆکاری شیاو هەیە کە چەوسێنراویتەوە یان نا، جا ئەو چەوساندنەوەیە لە دەرەوە بێت یان لە ناو شانشینی یەکگرتوو.

لە ماوەی 45 ڕۆژدا، دەتوانیت هەنگاوەکانی داهاتووت دیاری بکەیت، لە کاتێکدا چاوەڕوانی دڵنیاکردنەوەی کۆتاییت دەکەیت کە هۆکاری کۆتایی ئەرێنیت پێدراوە کە چەوسێنراویتەوە. بە وەرگرتنی بڕیارێکی هۆکاری کۆتایی ئەرێنی، ماوەی 45 ڕۆژی ترت دەدرێتێ، کە دەبێتە 90 ڕۆژ و ماوەی گەڕاندنەوە.

### ئەگەر ئاڕاستەکردنەکە سەركەوتوو بێت:

**شوێنێکی مانەوەی پارێزراو لە لایەن حکومەتەوە داینی دەکرێت، ئەگەر پێویست بکات.**

**پێدانی ماوەیەکی بیرکردنەوە و گەڕاندنەوەی بە لایەنی کەمی 45 ڕۆژی ڕۆژمێریی.**

### ئەگەر ئەمە پەسەند بکرێ ، دەتوانی ئەم مافانەی خوارەوەت هەبێ:

- ئەگەر بە تەواوەتی هاوکاریی لێکۆڵینەوەکانی پۆلیس و بەدواداچوونە یاساییەکانی دواتر بکەی، مۆڵەتی خۆویستی مانەوەی یەک ساڵت لە شانشینی یەکگرتوو دەدرێتێ. ئەگەر پێویست بکات دەتواندرێ ماوەیەی مۆڵەتی خۆویستانەی مانەوەت درێژ بکرێتەوە.
- ئەگەر پێویست بکات دەتواندرێ ماوەیەی مۆڵەتی خۆویستانەی مانەوەت درێژ بکرێتەوە.
- یارمەتی و هاوکاریی دارایی بۆ گەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆت ئەگەر ناتەوێت لە شانشینی یەکگرتوو بمێنیتەوە.
- پشتگیریی باڵوێزخانەی خۆجێییت و هەر ڕێکخراوێکی ناحکومی پەیوەندیداری دیکە.